

دانــــەر

**نامە نامۆكان**

نامەی شەشەم

هاوڕێ  دڵم ئێستا وەکو جاران لێ نایات ،هەموو شتێك گۆڕاوە !ئەڵێ ی لە سەردەمێکی ترا ئەژیم بۆیە ترپەکان ئاوا جیاوازن،ئێستا ئەزانم ترپەی دڵ ئەتوانێت زەمەن ،شوێن ،هەناسە،وەرزەکان،ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە ..تەنانەت نیگاکانیش بگۆڕێت،ئاخر باڵای چیاکان ئەگاتە ئەستێرەکانی ئاسمان ئەو شەوانەی ترپەکان زیاد ئەبن و دڵ دەست ئەکات بەفڕین ..ئەو بۆچی حەزی لە فڕینە بۆچی حەزی لە ون بوونە من نازانم!ئەم سەفەرە لە ناکاوانەی پڕ پڕە لە خەیاڵی سەیر ..خەونی نامۆ ..پێویست بوون بە  هەناسە..ئەو کاتانە تونگی ڕەشەباش هەر لە هەناسەی من ئەچێت نازانم خەڵکی بۆ ناتوانن لە توڕەیی ڕەشەباکان تێ بگەن دوری تۆش وەك بەرزی مانگ وایە ئەمخاتە گێژاوی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانە،بۆیە تا ئێستا تێ نەگەیشتووم لە تریفەی مانگ !لە بێ دەنگی تۆ لە پێکەنینی  ئەو..!

هەمیشە پرسیار ئەکەم تۆ یان من کاممان راستین کاممان خەیاڵ!؟ کێ پڕە لە حەقیقەت ؟کێ یە تارمایی!ئاخر تەنیا کاتی دەرکەوتنی خۆر من و سێبەرەکەم لە یەك ئەچین دواتر کە تۆ ون ئەبیت من لە بەردەم ئاوێنەشد ا پڕم لە نامۆیی ، ئەرێ هاوڕێ تۆ تێم ئەگەیت!؟

چ پایزێکی سارده  دەرونی من گەڵاکان تیا سەما ئەکەن..چ سەهۆڵ بەندانێکە دڵی من هەر لە سیبریا ئەچێت تۆش ئەگەر لەگەڵ باران بێیت و  هێندەی پیرۆزی وجوانی ئەو ببارێیت بەسەر دڵی منا ئەگەر بشتوانی ئەو هەموو بەفرە بتوێنیتەوە ئەوا دڵی من هەر بە پڕی ئەمێنێتەوەو ئەبێت بە لافاو ،بەڵێ دڵم هەر پڕ ئەبێت و بەرگەی شەپۆلی لافاوەکانی دەرون ناگرم تۆ پێم ئەڵێ ی چاوەکانت پڕە لە ئەستێرەی درەوشاوە ئاخر ئەوسا چاوەکانم بەو هەموو دڵۆپە فرمێسکانە ئەستێرەکانیش ئەبات لەگەڵ خۆی ...!

ئەها هاوڕێ لە بیرتە شەوێك ویستم ژیان لە قوتویەکی بیرەیا بەتاڵ کەمەوە و یەکسانی کەم بە سفر کەچی پێکەکە پڕ بوو ! ئەگەر ئەوەی بە دەستی خۆشمان بە مەبەستێکی تر ئەنجامی بەین قەدەرێکی تر چاوەڕێ ی ئەکات سەرەنجام هەموو شتێك پڕ ئەبێتەوە لە نامۆ بوون ...

کەواتە لات سەیر نەبێت کە من هێندە بە نامۆیی ئەدوێم ئاخر قەدەرەکان ئەمکوژێت  تۆ پێم ئەڵێیت بۆچی هێندە بیر ئەکەیتەوە ؟!ئەو کاتانەت هێنامەوە یاد کە ئەمویست بە بەردەوامی بنووم تا بێ ئاگا بم لەدڕندەیی مرۆڤەکان ،دواجار ئێمەش ئەڕۆین و لە سەفەرێکی هەتا هەتاییا وون ئەبین ...چی لە فەلسەفەی ژیان تێگەیشتیت تا بگەڕێیت بە دوای هەناسەی مردن..ئەبێت لە چ کاتێکا ئومێد ئێمە کۆکاتەوە ؟! تۆ بڵێیت ئەم تاریکی یە کۆتایی بێت و ئیتر لە دنیای درەوشاوەی ئێمەیا ژیان دەست پێ بکات ..!

هاوڕێ ون بوون تا دوا ڕادە پڕە لە نهێنی و ڕا ز ، ون بوون لە ناو مرۆڤەکانا لەناو دڵەکانا لەناو ئەستێرەکانا لە ناو ئاوێنەکانا تاگەیشتن بە ون بوون لە ناو ڕۆحی تۆیا وەك خەیاڵ دەست پێ ئەکات و بە حەقیقەت کۆتایی ێت ..ئەی ئاسمانی من تۆ کەی لە ژانی تەلیسمەکانی هەست تێ ئەگەیت؟!

کلیلی ئاڵتونی ئەم هەموو نهێنی یە ئەبێت لە قوڵایی چ دەریایەکا..لە بەرزایی چ چیایەکا بێت یان لە دڵی کامە خەیاڵ دیل کرابێت ...!

سـلێمـانــی

دانـــــــــەر